# تاراوگە

TARAWGA

# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

**10 Februari. 2019 No. [30]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

موسوڵمانبوون، وەکو بەزمێکی ئایدیۆلۆژی دیارە دیاردەی خۆبەکەمزانین بەرامبەر ڕۆژئاواییەکان، ئافاتێکە هەموو جیهانی سێیەمی گرتۆتەوە...؟ئیبراهیم مەلازادە .....ل 1

تاڵێک تیشکی ئومێدبەخش لە کوردستان و شەوەزەنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوا و جیهان... ل 2- بەکر شوانی

چارەسەرێکی مرۆڤانە و گونجاو بۆ ئەو ئاوارە عەرەبانەی عێراق دابنرێت – ل 3 بەختیار شەمەیی

زەردەشت وەها دووا کتێبێک بۆ هەموو کەسێک و بۆ هیچکەش

خوێندنەوەی: سەلاح حەسەن پالەوان- ل 4 و 5

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاشتی گەرمیانی....ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

10 Februari 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 30
10 فێبریوەری 2019

# موسوڵمانبوون، وەکو بەزمێکی ئایدیۆلۆژی

## دیارە دیاردەی خۆبەکەمزانین بەرامبەر ڕۆژئاواییەکان، ئافاتێکە هەموو جیهانی سێیەمی گرتۆتەوە...!



جۆرێم ڤان کلاڤەرن

**ئیبراهیم مەلازادە**

ئەوەندەی لەو بەزمەی کەیفخۆشبوونی هەندێک لە موسوڵمانەکان، بە موسوڵمانبوونی ڕۆژئاواییەک، وردبوومەتەوە، گەیشتوومەتە چەند سەرەداوێک. دیارە دیاردەی خۆبەکەمزانین بەرامبەر ڕۆژئاواییەکان، ئافاتێکە هەموو جیهانی سێیەمی گرتۆتەوە، بەتایبەتیش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەناو کوردیش ئەو ئافاتە زۆر نیگەرانکەر و ترسناکە. ئەوجا چونکە زۆرینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش موسوڵمانن، بەشی شێرییان لەو خۆبەکەمزانینە بەر دەکەوێت. ئینجا، ئەوانە موسوڵمانی ئیسلامی بن، یا چەپ، یا قەومی، یا هەڵگری هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە بن، بەگشتی لەبەرامبەر ڕۆژئاواییەکان هەست خۆبەکەمزانین دەکەن. هەر لەچوارچێوەی ئەو خۆبەکەم زانینەشدا، کە خەبەری موسوڵمانبوونی کەسێک لە ڕۆژئاوا بڵاودەبێتەوە، هەندێک لە موسوڵمانەکان شاگەشکە دەبن و وەکو ئەوە وایە هەنگوینییان لەکلۆرەداران دیتبیتەوە. ئەم شاگەشکەبوونە، وێڕای خۆبەکەمزانین، ڕەهەندێکی دیکەشی هەیە، ئەویش زۆرجاران وەکو نموونەش بەرزی دەکەنەوە و دەڵێن؛ ئەها ئەگەر ئیسلام ڕاست نەبێت چۆن ڕۆژئاواییەک دەبێتە موسوڵمان؟ ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەبنەڕەتدا ئەوباوەڕبوونەی ئەو جۆرە موسوڵمانانە، باوەڕبوونێکی ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بەموسوڵمانبوونی ڕۆژئاواییەک، زیاتر متمانەی بەدینەکەی خۆی دەبێت و دەیکات بەجەمسەری سەقامگیری باوەڕی خۆی. بۆیە، کە ڕۆژئاواییەک دەبێتە موسوڵمان، هەر لەسەر بنەمای خۆبەکەمزانین، موسوڵمانبوونی ئەو ڕۆژئاواییانە لای ئەو بابایانە، دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ڕاستی و دروست ئیسلام و هەناسەیەکی خۆش هەڵدەمژن، تاماوەیەک نانی پێوە دەخۆن. ئەو بەڕێزانە، بێئاگان لەوەی کە ڕۆژئاواییەکانیش مرۆڤن و نە موسوڵمانبوونییان بەڵگەیە بۆ ڕاستی و دروستی ئیسلام، نەموسوڵماننەبوونیشیان بەڵگەیە لەسەر خراپی و ناڕاستی ئیسلام. ئەمە، بابەتێکی تەواو جیاواز و لێکدوورە. ئەوەتا ڕۆژانە خەڵک دەبنە مەسیحی و دەچنە سەر دینەکانی دیکەش.ماڵتە، ڕۆژئاواییەکان دەبنە بودایی و سیخ و هیندۆز و سۆفی و تاد، بەڵام هیچ ڕوونادات و ناشبێتە خەبەری یەکەمی سەر ڕووپەڕی ئەو دیندارانەی سەر بەو دینانە. کە یەکێکیش دەبێتە مەسیحی، مەسیحییەکان نەبایان دێت و نەباران. ئەوان، بەبەرنامە هەوڵ دەدەن خەڵک ببێتە مەسیحی و خۆشیان سەخڵەت ناکەن. بەبیرم دێت کە تۆنی بلێر بەو هەموو ناوداری پاشخانە سیاسی و گرنگییەی خۆی، کە مەزهەبەکەی گۆڕی، ڕۆژنامەیەک وەکو خەبەرێکی بچووک لە پەراوێز نوسیبووی تۆنی بلێر مەزهەبەکەی گۆڕی. بەڵام کە کابرایەکی هۆڵەندی بەحیساب بۆتە موسوڵمان، دەبێتە خەبەری یەکەمی ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان. ئەو خەڵکەش بەبێ ئەوەی بەدواداچوون بۆ مۆتیڤ و هۆکارەکانی ئەو جۆرە کەسانە بخەنە ڕوو، بەئاسانی و بەمستە ئاوێک دەکەونە مەلەوانی. بەکورتی، ئەو کابرایە (جۆرێم ڤان کلاڤەرن)، کە پێشان وەکو سەرۆکەکەی دەیگوت (ئیسلام درۆیەکی گەورەیە)، ناتەباییەکی زۆری لەگەڵ سەرۆکەکەی پێشووی خۆی (خێرت ویڵدەرس) هەیە.

سەرۆکەکەی هێندە کابرایەکی ناجسنە، ئەوە چەند ساڵێکە لەدژی موسوڵمانەکانی هۆڵەندا، ڕۆژ نیە قسەیەک نەکات و هەستییان بریندار نەکات. تەنانەت قورئان وەکو کتێبی (خەباتم)ی ئەدۆلف هیتلەر وێنا دەکات و داوا دەکات لە هۆڵەندا قەدەغە بکرێت. ئەو دەعبایەش (جۆرێم ڤان کلاڤەرن) کەدەڵێن بۆتە موسوڵمان، چونکە لە خێرت ویڵدەرس هەڵگەراوەتەوە، بەو موسوڵمانبوونەی چەند ئامانجێکی پێکاون:

یەکەم: بەو هەڵوێستەی خێرت ویڵدەرسی تۆقاندووە. چونکە دەزانێت تەنها بەو ڕاگەیاندنە نەبێت نایتۆقێنێت. بۆیە دەڵێن (مار کەیفی بەسیر نەدەهات، سیریش دەچوو لەناو کونەکەی شین دەبوو)، ئەوەش ڕێک وایە. واتە ئەو پیاوە ئیسلام بۆخۆی دەکاتە قەڵغانێک لەدژی سەرۆکەکەی و بەکاری دێنێت و هیچی دیکە نیە.

دووەم: بەو موسوڵمانبوونەی، مەغریبی و تورکەکان لەهۆڵەندا لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە دەبنە پشتیوان و بەرەی خۆی بەهێز دەکات. واتە نەک هەر ئیسلام بەکار دێنێت، بەڵکو موسوڵمانەکانیش دەکاتە قەڵغانێک بۆخۆی. مەگەر سیاسی نیە.

سێیەم: ئەو پیاوە دەیەوێت بەجۆرێکی دیکە بگاتەوە پەرلەمان. ئەوجا ئەگەر بەتەنها موسوڵمانەکان لەهۆڵەندا دەنگی بۆ بدەن، ئەوا بەئاسانی دەچێتەوە پەرلەمان و شەڕی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ خێرت ویڵدەرس دەکات.

چوارەم: ئەو جۆرە توندڕەوانە، لەخودی خۆیاندا نەخۆشن. یابەدوای شۆرەت و ناوبانگدا دەگەڕێن. بۆیە هێندەی قسە لەسەر کەسایەتییەکەیان دەکرێت، هێندە لەسەر بیروباوەڕەکەیان ناکرێت. دوێنێ لەگەڵ برادەرێکی هۆڵەندی قسەم دەکرد و باسی ئەو بابەتەمان کرد، گوتی: (ئەوانە، وەکو سەرۆکەکەیان، مرۆڤی دەروون نەخۆشن، موڵکی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نین تانها هی خۆیان نەبێت، بۆیە هیچییان لەلایەن هۆڵەندییەکان بابەت نین).

پێنجەم: بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەو نوسینەی منییان پێناخۆشە، ئەها سەرۆکەکەی ئەو موسوڵمانە نوێیە، چییان پێ دەڵێت: بۆ هەموو هەڵگەراوەکان، باش بخوێننەوە: ئیسلام درۆیە، محەمەد تاوانبارە، قورئان ژەهرە. هەر ئەو قسەیە بەسە بزانن کە ئەوە شەرێکی ئایدیۆلۆژییە.

شەشەم: ئەو کابرایە بۆخۆی بەهۆی ڕەگەزپەرستێتی، بێزراوە لەناو هۆڵەندییەکان، ئەوجا بەرێ خۆ بدەنێ، کەسێکی بێزراو دەبێتە موسوڵمان، ئایا ئەمە خاڵێکی گەشە بۆ ئیسلام یان ڕەش. ئیدی ئەوە بازاڕی شەڕی ئایدیۆلۆژیاکانە، تۆش ئازابە خۆت مەکە سوتەمەنی ئەو شەڕە.

# تاڵێك تیشكی ئومێدبەخش لە كوردستان و شەوەزەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوا و جیهان

## ماموستا عەلی موحەمەدییان



پسپۆڕانی ڕۆژهەڵاتناس و ڕۆژنامەنووسانی شارەزای ڕۆژهەڵات و كارمەندانی هەندێک دامودەزگای تایبەتمەندی لێ دەربچێت، ڕای گشتیی ڕۆژئاوا زۆر بەکەمی ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. تاکی ڕۆژئاوایی لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بە پلەی یەکەم پشت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت. ئەو پشتپێبەستنەیش هۆکارێکی سەرەکی بە زیندوویی مانەوەی بەشێکی زۆر لە میدیا زەبەلاحەکانی ڕۆژئاوایە. بەڵام ئەو میدیایانە بەدەر لە شەڕ و کوشتار و خوێنڕشتن، کەم شتی تری خۆش و ئومێدبەخشیان دەستدەکەوێت، تا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ خوێنەران و بیسەران و بینەرانی خۆیانی بگوازنەوە. لەم ڕۆژانەدا و ڕێک لە کاتێکدا کە لە سوریاوە هەواڵی کوشتنی ژنان و منداڵان، لە عێراقەوە هەواڵی شەڕی شیعە و سونە، لە ئێرانەوە هەواڵی هەڵواسینی سەدان کەس بۆ ڕای گشتی دەگوازرێتەوە، میدیاکانی ڕۆژئاوا هەواڵی مامۆستا کوردەکەی شاری مەریوان دەقۆزنەوە و وەک تاڵێک تیشکی ئومێدبەخش لە کوردستان و شەوەزەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوا و جیهان دەیگوازنەوە. ڕۆژنامە زەبەلاحەکانی وەک "زوید دۆیچە تسایتونگ"ی ئەڵمانی و "گاردیان"ی بەریتانی و هاوشێوەکانیان هەواڵێک یان ڕاپۆرتێک ئەگەر دەیان جار لە بێژنگ نەدەن، بڵاوی ناکەنەوە. بۆیە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرتاشینی مامۆستا عەلی موحەمەدییان وەک هاوسۆزی نواندن لەگەڵ ماهانی هەشت ساڵان لەو ڕۆژنامانەدا بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. لە هەموویشی خۆشتر، بە پێچەوانەی ڕابردووەوە، کە میدیاکانی ڕۆژئاوا زیاتر لە هەواڵی نەرێنیدا ناوی کوردیان دەهێنا، ئەمجار میدیاکانی ئەوروپا و تەنانەت ڕۆژنامەی "حوڕییەت"ی تورکیش ئاماژەیان بۆ کوردبوونی مامۆستا موحەمەدییان و کوردیبوونی شاری مەریوان کردووە. دەنگدانەوەی کارەکەی مامۆستا موحەمەدییان لە میدیا بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوادا پێمان دەڵێت خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا "بێ ڕەحم" نین وەک ئەوەی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆژهەڵاتی پێی وایە، بگرە ئەوانیش وەک هەر مرۆڤێکی تری سەر ئەم زەمینە خاوەن هەستی مرۆڤایەتین و بەتەنگ مافەکانی مرۆڤەوەن. دۆخی کوردیش لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانی زۆری بەسەرهاتووە و زیاتر جێگەی سەرنجی میدیاکانی ڕۆژئاوایە. ئەمەیش هەلێکە بۆ ئەوە دەشێت کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت بەباشی بەکاری بهێنێت تاوەکو بەردەوام لە ڕای گشتیی ڕۆژئاوادا ئامادەیی هەبێت. دیارە ئەو کارەیش بەباشترین شێوە لە ڕێی ئاژانسێکی چالاکی هەواڵەوە مەیسەر دەبێت. "باسنیوز" لەم قۆناخەدا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و بە چەند زمانێکی بیانی جوانییەکانی کوردستان بە دنیای دەرەوەی خۆمان دەگەیەنێت. بە هیوای بەردەوامی و فراوانبوونەوە و سەرکەوتنی زیاتر.

## لە ئەڵمانیا ژمارەی پەنابەری تورك ژمارەی پەنابەری کورد

### یەکەم جارە لە مێژوودا ڕوودەدات!



بەکر شوانی



GÜNDEM / ALMANYA

ALMANYA

Almanya'ya iltica başvurularında Türkler Kürtleri geçti

Almanya'da açıklanan istatistiki verilere göre Türkiye'den başvurularda Türklerin oranı yaklaşık beş kat artarak Kürt kökenlileri geride bıraktı. Her iki başvuru sahibinden biri üniversite mezunu.

ڕاستە لە ئەڵمانیا ژمارەی تورک لە ژمارەی کوردی باکور زیاترە، بەڵام تورک زیاتر لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا وەک کرێکاری میوان و کوردی باکوریش زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا وەک پەنابەری سیاسی لە ئەڵمانیا گیرساونەتەوە. بەڵام ئێستا بە هۆی باردودۆخی سیاسیی تورکیاوە، گۆڕانکاری بەسەر ئەو هاوکێشەیەدا هاتووە. ماڵپەڕی دەزگای میدیایی دۆیچە ڤێلە بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی "دی ڤێلت" ڕای گەیاندووە لە ساڵی ٢٠١٦دا ١٩٧ تورک و٤ هەزار و ٣٨٣ کوردی تورکیا (باکور) لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەرییان کردووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا ٥ هەزار و ٧٧٦ تورک و ٤ هەزار و ٦٧ کوردی تورکیا لە ئەڵمانیا داوای مافی پەنابەرییان کردووە. لە هەمان هەواڵدا هاتووە ٥٠٪ی پەنابەرانی لە تورکیاوە هاتوو هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیین. ڕۆژنامەی "دی ڤێلت" هۆکاری زیادبوونی پەنابەرانی بە نەتەوە تورک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دۆخی ڕاوەدوونان و پڕ لە گوشارەی کە لە دوای کودەتاکەی هاوینی ساڵی ٢٠١٦ لە تورکیا هاتووەتە ئاراوە.

سەرچاوە: بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.dw.com/tr/almanyaya-iltica-ba%C5%9Fvurular%C4%B1nda-t%C3%BCrkler-k%C3%BCrtleri-ge%C3%A7ti/a-47402058?fbclid=IwAR1YzbyCelZHi4AaoEmxTDMYyqxL1nrcHV7QuR7LZ3fj4mR3Aod_x-knMJA

# لەبری نووسینی ئەو وشە ناڕەوا و نەخوازراوانە، بە نامە و سکاڵانامە، داوا لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان بکرێت، کە چارەسەرێکی مرۆڤانە و گونجاو بۆ ئەو ئاوارە عەرەبانەی عێراق دابنرێت



**بەختیار شەمەیی**

لە ساڵانی ڕابووردوودا، بەهۆی بارودۆخی خراپ و نالەباری ئابووری و سیاسی و ئاساییشی ناوچە عەربنشینەکانی عێراق، هەروەها بەهۆکاری کێشە و شەڕ و کوشتوکوشتار و ئاژاوەکانی داعشە تیرۆریستەکانەوە، خەڵکانێکی فرە زۆری عەرەبی عێراقی، ئاوارە و دەربەدەر و سەرگەردان بوون و بەشێکی زۆریان، بە ناچاری ڕوویانکردووەتە کوردستان. ئەمە ڕووداوێکی ناچارییە و لەتاو مەرگ و بۆ ژیان بوونەتە میوانی ئێمە. هەتا ئێرە ئاساییە و ئەم بارودۆخە کاتییە و هەتا سەر وەکو ئێستا نامێنێتەوە و پاشان، کە بارودۆخەکە ئاسایی و ئارام بووەوە، دەبێت هەموویان بۆ زێد و شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە. بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، شەپۆلێکی وتە و وشەی ناشیرین و ناشایستە و نەخوازراو لە فەیسبووک بەرامبەر هەموو نەتەوەی عەرەب دەنووسرێت! واتە، وەک دەڵێن: دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکرێت و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنرێت. بەڕاستی ئەمە شتێکی ناسەردەمیانە و ناڕەوایە. ئێمە وەکو کورد دژی هیچ نەتەوە و کەمەنەتەوەییەک نەبووین و نین و نابین. ڕاستە ڕەنگە لەناو ئەو شەپۆلی هاتنی عەرەبانەدا، چەندین کەسی نەخوازراویشیان تێدا بێت، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی وشەی ناشیرین بۆ نەتەوەیەک بەکاربهێنرێت. سەیرەکە لەوەدایە، هەندێک لەوانەی ئەو وشە ناشیرینانە دەنووسن، یان چەپن، یان پێشینەیەکی چەپانەیان هەبووە!؟ ئایا باشتر نییە لەبری نووسینی ئەو وشە ناشیرین و ناڕەوا و نەخوازراوانە، بە نامە و سکاڵانامە، داوا لە دەسەڵاتی باشووری کوردستان بکرێت، کە چارەسەرێکی مرۆڤانە و گونجاو بۆ ئەو ئاوارە عەرەبانەی عێراق دابنرێت و بە شێوەیەکی کاتی کامپیان بۆ بکرێتەوە و هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت، تا بەهۆی پەرش و بڵاوبوونەوەیانەوە کێشە دروست نەبێت و هیچ ڕووداوێکی ناخۆش و نەخوازراو ڕوو نەدات و ژیان و گیانیان پارێزراو بێت!؟ ئاشکرایە تاکی هەموو نەتەوەیەک دەتوانێت هەرچی خۆی پێی خۆشە لە چاک و لە خراپ بەرامبەر هەر نەتەوەیەکي تر بیڵێت و بینووسێت و لە فەیسبووک و پێگەکانی دیکەی ئینتەرنێتدا بڵاوی بکاتەوە، ئەمە کارێکی ئاسانە و بە ئاسانی دەکرێت، بەڵام ئایا ئەم پاشاگەردانی و بێسەروبەرییە بەرژەوەندی کێی تێدایە!؟

ئێمەی کورد بمانەوێ و نەمانەوێ، دراوسێی تورک و عەرەب و فارسین، خۆناکرێت نیشتمانەکەمان، بۆ کیشوەرێکي تر بگوێزینەوە!؟ ئێمە بۆ هەمیشە هەر لە کوردستاندا بووین و دەبین و هەر دراوسێی ئەو نەتەوانە دەبین، ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیشمان دروست بکەین، تاکەکانی ئەو نەتەوانە بۆ سەردان و گەشتیاری و مامەڵەی بازرگانی، هەر ڕوو لە کوردستان دەکەن. ئایا دەگونجێت و دەکرێت لە هەموو ناوچەکە و جیهان خۆمان دابڕێنین!؟ ئایا ئەمە هیچ بەرژەوەندییەکی ئێمەی کوردی تێدایە!؟ شتێکی بەڵگەنەویستە، کە بە هیچ شێوەیەک بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیی ئێمەی کورد لە دژایەتی و دوژمنایەتیی هیچ نەتەوە و کەمەنەتەوەییەکدا نەبووە و نییە. تکایە باشترە کەس بە هەست و سۆزی هەڵەشانە و ڕکوکینەی ڕەگەزپەرستانە، هەڵوێست بەرامبەر ئەو ئاوارانە وەرنەگرێت، ئەوە هەلومەرجێکی کاتییە و کۆتایی پێدێت و کوردستان هەرنیشتمانی کورد و هەموو دانیشتوانە ڕەسەنەکانی بووە و هەتا هەتایە هەر بە نیشتمانی هەموومان دەمێنێتەوە. هەتا ئێرە بارودۆخەکە ئاساییە. بەڵام ئەمە ڕوویەکی دیاردە و پرسەکەیە. ڕوویەکەی تری ئیستا بەم شێوەیەیە، کە بە چەند دێڕێک ئاماژەی پێدەدەم: زۆر بەداخەوە، ئێستا باشوری کوردستان بووە بە کۆمەڵگە و وڵاتێکی بێ سنور، سنورەکانی بێ پەرژینە و کراوەیە بۆ هەر کەس و کۆمەڵێکی جۆراوجۆری بێگانە، چ عەرەبی هەڵاتوو و یان کۆچبەر بێت، چ کرێکار و کابانی هاوردەی میللەتانی تر بێت. یان سەدان کۆمپانیا و کرێکار و کارمەندی تورکی و ئێرانی و .....هتد، کە لە باشووردا کاردەکەن و نیشتەجێ بوون. بەڵام ئەمە پرسێکی ترە و لێرەدا باسەکەمان لەسەر کێشە و مەترسییەکانی لێشاوی هەڵاتن و کۆچبەرانی عەرەبی عێراق و ئێستا ئەمە کێشە و مەترسییەکەیە. جاران لە سایەی تەعریبی بەعسییەکانەوە بە کەرکووکیان دهگوت: (شاری برایەتی)، ئێستا لە سایەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆماڵییەوە، خەریکە هەموو باشوری کوردستان ببێتە بە وڵاتی برایەتی!؟ شایانی باسە، زیاد بوونی ژمارەی هەڵاتووان و کۆچبەرانی عەرەبی ناوچە جیاجیاکانی عەرەبستانی عێراق بۆ نێو باشوری کوردستان، بەشێوەیەکە کە ئەمڕۆ ڕێژەیەکی بەرچاویان لە دانیشتوانی باشور پێکهێناوە و بەردەوامیش ژمارەیان لە زیادبووندایە. سەیروسەمەرەکەش ئەوەیە، کە زۆرینەی هەرە زۆری ئەو عەرەبە هەڵاتوو و کۆچبەرانە، بەبێ گوێدانە هیچ دابونەریت و یاسا و ترسێک، بەئارەزووی خۆیان، هەڵسوکەوت دەکەن و بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان سوود لە ئازادی و ئاشتی و دیمۆکراسیی کوردستان وەردەگرن و مۆڵەتی نیشتەجێ بوون و مانەوە وەردەگرن و شوێنی نیشتەجێبوون و زەوی و خانوو و دوکان دەکڕن و لەسەر خۆیان تاپۆی دەکەن . ئەو هەڵاتوو و کۆچبەرانە لە ڕابووردوودا هیچ ڕەگوریشەیەکیشیان لە وڵاتی ئێمەدا نەبووە و نییە و زۆربەی هەرە زۆریشیان ئامادەش نین بە تەنها وشەیەکیش بە زمانی کوردی بدوێن و هیچ ڕێزێک لە ژینگەی کوردستان ناگرن و ڕێزیان بۆ پیرۆزییەکانی کورد و کوردستان نییە و هەتا ئێستاش هەر بە زمانی بەعسییەکانی پێشووەوە، باشووری کوردستان بە (شیمالی عێراق!؟) ناو دەبەن و بەهیچ شێوەیەک وشەی کوردستان بەسەر زامنایاندا نایەت. لەڕاستیدا شاڵاوی کۆچبەری و نیشتەجێ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب، بۆسەر ئاسایشیی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان، لە ئێستا و داهاتوودا، هەڕەشەیەکی ترسناک و مەترسیدارە و پێویستە و دەبێت بیرێکی لێبکرێتەوە و سنورێکی بۆ دابنرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان چارەسەرێکی یاسایی و کردەنیی بۆ بدۆزرێتەوە.

# زەردەشت وەها دووا کتێبێك بۆ هەموو کەسێك و بۆ هیچکەش

## خوێندنەوەی: سەڵاح حەسەن پاڵەوان



دواجار خوێنەری کورد دەتوانێ ئینجیلی پێنجەم بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە، کتێبی "زەردەشت وەها دوا" ی نیچە، لەو کتێبانەیە نیچە پێی گوتووە "ئنجیلی پێنجەم"، جگە لەمەش ناوی کتێبی سەدەشی پێسپێردراوە. واتە لە سەدەیەکدا کاریگەری ئەم کتێبە تەواو نابێت، نیچە لە نووسینی ئەم کتێبەدا هەموو وزە و توانای خۆی بەکارهێنا، ئەو ئەم کتێبەی بە خوێنی خۆی نووسی، ڕێک پێهەڵگری ئەو ڕستەیەی خۆی بوو، کە نووسیبووی "ئەو نووسینەی بە خوێن دەنووسرێ نرخی هەیە، سیمبولی ژیانەوەیە".

ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی بازدانێکی گەورەبوو لە ژیانی نیچە، هەروەها چەندین زاراوەی نوێی هێنایە نێو فەلسەفەی ئەڵمانییەوە، ئەو لەژێر کاریگەری فەیلەسوفی یۆنانی بەتایبەت هیراقلیتس، کە بڕوای وابوو ئاگر جەوهەری یەکەمە و لەوێوە گەردوون دامەزراوە و گۆڕانیش شتێکی بەردەوامە و لەژێر کاریگەری شۆپنهاوەری ڕەشبین، گەڕانەوە بۆ حیکمەتی زەردەشت کتێبی"زەردەشت وەها دوا"ی نووسی.

ئەم کتێبە لەسەر دوو خاڵی زۆر گرنگ ڕادەوەستێ، کە ئەوانیش (گەڕانەوەی هەتاهەتایی) و (باڵایی) بوو، نیچە گەیشتن بەم خاڵانە دەبەستێت بە کۆنترۆڵکردنی نەفسەوە، پێیوایە مرۆڤ بەکۆنترۆڵکردنی نەفس، دەگاتە سەڵماندنی خۆی. هزر و فەلسەفەی نیچە سەرتاپای لەم کتێبەدا کورت کراوەتەوە. دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە گۆڕانێکی گەورەی لەنێو بونیادی فەلسەفی ئەڵمانیدا دروست کرد، ئەو توانی مرۆڤایەتی لە مۆدێرنەوە بۆ پاش مۆدێرنیزم بگوێزێتەوە. هەروەها بە وروژاندنی زاراوەی مرۆڤی باڵا. گوتاری نوێ و بەهای نوێی هێنایە نێو فەلسەفەوە، جگە لەوەش بۆچوونەکانی لەمەڕ زانست و ڕۆح و ژن و جەستە بوونە مایەی سەرنجی خوێنەرانی ئەوکاتە. ئەو پرسیارەی لەمەڕ ئەم کتێبە دەکرێ ئەوەیە، بۆچی کەسایەتی زەردەشت بووە ناونیشانی ناوەڕۆکی کتێبەکەی نیچە؟ چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان نیچە و زەردەشت پێموایە بیری ئاگر و گۆڕان و بازنەی بەردەوامی بوون، وای لە نیچە کرد ڕووبکاتە زەردەشت و هیراقلیتس.




بێگومان نیچە یەکێک بوو لەو کەسانەی بڕوای وابووە، مرۆڤ لە ڕێگای ئیرادەی خۆیەوە، کردار و زمان و بیرکردنەوەوە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی ئەم پەیامەی خۆی بگەینێت بەدوای سیمبولی مێژوویدا گەڕا، لەناو هەموو ئاینەکان کەسێتی زەردەشت نزیک بوو لە بیروبۆچوونەکانی ئەو، لە ئاین و کارەکتەری ئەودا چەند شتێک هەبوو وەک، ئیرادەی گۆڕین و بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤ بۆ باڵاترین خاڵ، هەروەها دوالیزمی چاکەو خراپە، بەڵام نیچە ویستی لەسەر وێنە دێرینەکەی زەردەشت زەردەشتێکی تر بۆ خۆی بخوڵقێنێت، بۆیە زەردەشتەکەی ئەم بانگەشەی بۆ ئەمەکداری بۆ زەوی و ژیان کرد. دیارە وشەی (ئەبەر مێنس .. یان مرۆڤی باڵا .. یان سوپەرمان)، گەڕانە بەدوای مرۆڤێک لە مرۆڤەکانی پێشخۆی باڵاتر و باشتر بێت، واتە بیرۆکەکە فەنتازیانە و مەزنی و بێوێنەییە نییە، کە لە زۆر لە نووسینەکاندا وێنا دەکرێ، بەڵکو مەبەست خوڵقاندنی مرۆڤێکە بتوانێ دنیا بگۆڕێ، نەترس بێت و بوێری تێدا بێت. ئازاد بەرزنجی وەرگێڕی بەتوانا و بەسەلیقە لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەم زاراوەیەی بەمشێوەیە شیکردۆتەوە:" مرۆڤی باڵا بووە مایەی بەدحاڵیبوونێکی زۆر. بۆیە هەر زوو نیچە ڕایگەیاند مرۆڤی باڵا لەسەر زەوی نەهاتووەتە دی. مەبەستی ئەوە نییە، کە مرۆڤی باڵا لە ئاکامی پەرەسەندنی بایلۆجیەوە دروست دەبێت، بەبڕوای ئەو مرۆڤی ئێستا پردێکە لە نێوان ئەو مرۆڤەی، کە وەک مەیموون بووە و هەروەها مرۆڤی باڵادا. بۆیە مرۆڤی باڵا داهێنەرێکی گەورەشە". جگە لەمانەش لەمیانەی ئەم کتێبەوە تێدەگەین کە (مەرگی خودا، ئیرادەی هێز، گەڕانەوەی هەتاهەتایی) چییە و چۆن لەنێو بیروهزری نیچە کاریان کردووە.

بروانە ل 5

# لای نیچە مرۆڤ جگە لەم بوونەی سەر زەویی کە لە جەستەیەکدا بەرجەستە بووە، بوونێکی تر شک نابات

هەروەها نیچە بڕوای وابوو دەبێ بە بوێرییەوە رووبەڕووی ترسناکییەکان ببینەوە، دەبینین لای هیغل مێژوو لۆجیک دەستنیشانی ڕێرەوەکەی دەکات، کەچی نیچە سەیری رەوشت دەکات لە روانگەی هێزەوە، لێرەش چەندین جار ئەو چەمکە لەم کتێبەدا هاتووە، نیتشە بڕوای بە سیستەمی مۆرالی نەبوو، بۆ نموونە لای هیغل تا ئەو زەمەنەش فەلسەفەی گەشبینی لۆجیکی زاڵ بوو، کەچی نیشتە لە میانەی گەڕانی بۆ مێژووی ململانێ رەشبینیەکی سەیری هێنایە نێو فەلسەفەوە.
ئەم کتێبە بە چەکێکی قورسە دەکەوێتە ویژەی هەموو ئەو بەها کۆن و بیروباوەڕانەی بوونە کۆت و پێوەند بۆ مرۆڤەکان و بوونە مایەی کۆیلایەتی. زەردەشتەکەی نیچە وەک زەردەشتی پێغەمبەر بڕوای بە چاکە و خراپەی رەها نەبوو، بۆیە لای نیچە مرۆڤ جگە لەم بوونەی سەر زەویی کە لە جەستەیەکدا بەرجەستە بووە، بوونێکی تر شک نابات، ئەو دەڵێ ئەو خوایەی هاتە سەر زەوی و مرۆڤ کوشتی جارێکی تر هەڵناسێتەوە، هەربۆیە تێرمی "مردنی خوا"ی داهێنا. ئەم تێرمە لەسەرەتای کتێبەکە و لە بەشی یەکەم لەسەر زاری زەردەشت دەبیسترێ کاتێ لە چیا دێتەخوارەو و بەرەو نێو خەڵکی دەڕوات تا پەیامەکەی بگەیەنێت. ئایا مەبەستی نیچە لە خوا مردووە چییە؟ ئەگەر لەو بەشەی تایبەتە بەم تێرەمە لە کتێبی " زەردەشت وەها دووا" بەدوایدا بگەڕێین، دەبینین، لای نیچە هیچ باسێک لەسەر بوون و نەبوونی خوا نییە. ئەوەی ئەو باسی دەکات ئەوەیە کە لە جیهانی سەبجێکتی خوایەکمان نییە، پیاوچاکان جاران کە سەرقاڵی خواپەرستی بوون خۆیان لە بەردەم باری تەعالادا دەبینی، بەڵام ئێمە ئێستە بەوجۆرە ناژین کە لە حزووری باری تەعالاین، بۆیە خوا لە دەروونی ئێمەی مرۆڤدا مردووە. بیرۆکەیەکی تری نێو کتێبەکە زیاتر بە وەعزە چیرۆکئامێزەکانیدا شۆڕدەبێتەوە بۆ ئاستی قوڵی بیرکردنەوە و هەڵدانەوەی نهێنیەکانی ناخی مرۆڤ لەبارەی "گۆڕانکارە عەقڵییەکان" هەروەها باس لە سێ قۆناغ لە گۆڕانکارییەکانی عەقڵ دەکات، کە ئەمانەشی شوبهاندووە بە قۆناغەکانی: حوشتر و شێر، منداڵ. واتە عەقڵی یەکەم عەقڵی حوشتر عەقڵی هەڵگری قورسترین بیرە و کۆڵێکی لەسەر پشتە دەبێ بچێتە ژێرئازارەکانیەوە، قۆناغی شێر قۆناغی عەقڵی رەخنەییە، دوا قۆناغیش قۆناغی منداڵییە، لەم قۆناغەدا مرۆڤ حەزی لە زاتی خۆیەتی و هەوڵدەدات بەرێگای جۆراوجۆر حەزەکانی پڕبکاتەوە.
هەروەها لە کتێبەکەدا زۆرباسی تر دەبینین لەسەر ئاژەڵ، هاوسەرگیری، دەسەڵات، گەلان، نەخۆشی، پاکبوونەوە. وەک وتمان " زەردەشت وەها دووا" کتێبێکە بۆ هەموو کەسێ گەورە و منداڵ، هۆشمەند و بێهۆش، کۆکەرەوەی زۆربەی بیرۆبۆچوون و بیرۆکە سەرەکییەکانی فەلسەفەی نیچەیە.



ئازاد بەرزنجی

دیارە ئینجیلی پێنجەم بەوجۆرەی کە نیچە خۆی ناویلێناوە هەوڵی باسکردنی زۆر بابەتی گرنگی ژیان و بیر و فەلسەفە دەدات، لەوانە فەلسەفەی مۆراڵ، لەسەر ئەم بابەتە زۆر وەستاوە، نیچە پێی وایە ئیرادە دەستنیشانی ئاڕاستەی ژیان دەکات، بۆیە داوامان لێ دەکات چاکە بکەین، چاکە بکە و بیدە دەم ئاوەوە، ئەوەی چاکە دەکات چاوەڕوانی پاداشت نەکات، لەبەرئەوەی چاکە خۆی پاداشتە. ئەو پێی وایە چاکە و خراپە دوو شتی ڕێژەین و موتڵەق نین.
بۆ چاکەی مەزن خراپەی مەزن پێویستە. برتراند ڕاسڵ لەبارەی بۆچوونی نیچە لەمەڕ ئاین نووسیویەتی " نیچە ناڕازەیی خۆی بەرامبەر بە ئاینی مەسیحی پیشاندا، هەروەها بەهۆکاری دروستبوونی "ڕەوشتی کۆیلە"ی دانا. بەڕای ئەو ئاینی مەسیحی داڕزاوە و پڕێتی لە ڕەگەزە گەندەڵ و بۆگەنەکان". دواجار دەبێ ئەوە بگوترێ ئێمەی کورد و کتێبخانەی کورد زۆر دواکەوت لە بینینی ئەم کتێبە، هەرچی زمانی دنیایە ئەم کتێبەی وەرگێڕاوە، لێرەوە دەبێ ئەوە بگوترێ وەرگێڕانی کارێکی ئاوەها سەلیقەی زمانەوانی و زانیاری و پاشخانی فەلسەفی گەورەی دەوێ و ئازاد بەرزنجی وەستایانە توانیوێتی ئەم سیفەتانە لە میانەی وەرگێرانی ئەم کتێبەدا رەچاو بکات .

سەرچاوە:
فریدریش نیچە
زەردەشت وەها دووا
کتێبێک بۆ هەموو کەسێک و بۆ هیچکەش
وەرگێڕان و پێشەکی: ئازاد بەرزنجی
چاپی یەکەم 2018

# نەوتی کەرکوک: چەندساڵێك بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری

## - بەشی سێیەم - دکتۆر جەبار قادر

هێشتا سەدەی نۆزدەهەم کۆتایی نەهاتبوو باس و خواسی دەوڵەمەندیی چاڵە نەوتە دەرنەهێنراوەکانی باباگوڕگوڕ و باشوری کەرکوک بەرەو خانەقین کەوتبووە سەر زمانی زانایانی جیۆلۆجی ڕۆژئاوا. زانیارییەکانی مۆرگانی de Morgan .لفرەنسی، کە ساڵی ١٨٩٥ بڵاوی کردنەوە ڕۆڵێکی گەورەیان لەم بوارەدا بینی. ئەوە مۆرگان بوو سنوری دەریاچەی نەوتیی لە باکوری کەرکوکەوە بۆ خانەقین و قەسری شیرین بە نزیکەی ٣٠٠ کم دیار کرد. هەر کە سەدەی بیستەم دەستی پێ کرد ململانێی سەخت بۆ دەستگرتن بە سەر ئەو سامانەدا لە نێوان ئەڵمانیا، بریتانیا، فرەنسا و ئەمریکا دەستی پێ کرد. ئا لێرەوە بەدبەختی و دەردەسەری کورد و کەرکوک دەستیان پێ کرد. لە وتووێژەکانی سایکس – پیکۆ خاڵێکی سەرەکی ململانێکان نەوتی ویلایەتی مووسل "تۆ بڵێ کەرکوک"بوو. ئەوە بوو بەشێکی زۆری ویلایەتی مووسڵ بۆ فرەنسا دانرا و بەشەکەی تری بە کەرکوکەوە بۆ بریتانیا. واتا لە باکوری کەرکوکەوە و تا دەگەیشتە خانەقین و مەندەلی و خوارتر لە ویلایەتی مووسڵ جودا کرایەوە. ئەگەر خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی سایکس – پیکۆ وەک خۆیان جێبەجێ بکرابانایە ئەوا هەموو ئەو ناوچانە لە ویلایەتی مووسڵ و باشوری کوردستان دادەبڕێنران. بە وتەیەکی دیکە باشوری کوردستان دەکرا بە دوو بەشەوە، بەشێکی لە گەڵ مووسڵدا دەخرایە ژێر مەندەیتی فرەنساوە و بەشەکەی تری بە عیراقەوە دەلکێنرا و لە ژێر مەندەیتی بریتانیا دەبوو. ڕاستە خاڵەکانی سایکس – پێکۆ وەک خۆیان جێبەجێ نەکران، بەڵام ڕوحی ڕێکەوتننامەکە بۆ دابەشکردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان جێبەجێ کرا. ئاڵ و گۆڕە گەورەکان لە بەر چاو گیران، وەک شۆڕشی ئوکتۆبەر و دەرچوونی ڕووسیا لە ڕێکەوتننامەکە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کەمالی، داهێنانی سیستەمی مەندەیت و دەسهەڵگرتنی فرەنسا لە ویلایەتی مووسڵ بە قازانجی بریتانیا. لە کۆتاییدا ویلایەتی مووسڵ بە باشوری کوردستانەوە بە دەوڵەتی تازە دروستبووی عیراقەوە لێکنرا. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە بریتانیا ئامادە نەبوو بە هیچ شێوەیەک دەست لە نەوتی کەرکوک هەڵبگرێت. هەر نەوتی کەرکوکیش بوو لە کۆتاییدا چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ و هەموو باشوری کوردستانی دیاری کرد. هەرچەندە کۆمپانیا ئەڵمانی و بریتانییەکان بە خوێنی سەر یەک تینوو بوون، لە گەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی دەستیان لەو نەوتە گیر بێت ساڵی ١٩١١ کۆمپانیاییەکی تایبەتیان دامەزراند بە ناوی "کۆمپانیای ئیمتیازاتی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی سنووردار" کە ساڵی دواتر (١٩١٢) ناوەکەی گۆڕا بۆ" کۆمپانیای نەوتی تورکی". کۆمپانیاکە بەم ناوە مایەوە تا ساڵی ١٩٢٩ کاتێ ناوەکەی بوو بە "کۆمپانیای نەوتی عیراق . "فاکتەری نەوتی کەرکوک لە پشت هەموو سیاسەتەکانی بریتانیاوە بوو بەرامبەر بە کورد لە ماوەی زیاتر لە نیو سەدەدا. هەوڵی گەلی باشوری کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەو سەردەمەدا کاربەدەستانی ئینگلیزیان زۆر نیگەران کردبوو، بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا ڕێگە لەم پێشهاتە بگرن. لەم ڕێگەدا تا بۆیان کرا کوردیان لە عیراق بە گشتی و لە کەرکوک بە تایبەتی پەراوێز خست و کوردستانیان بە پەڕگەیەکی دواکەوتوو و هەژار هێشتەوە. هەرچییان لە تواناادا بوو کردیان بۆ هێشتنەوەی بونیادی خێڵەکی کۆمەڵگای کوردی. بەم هەنگاوانە و گەلی کردەوەی دیکە بریتانییەکان پرۆسەی بە گەلبوون و نەتەوەبوونی خێڵ و هۆزە و تیرە پرش و بڵاوەکانی باشوری کوردستانیان بە تەواوی پەکخست. هەموو حکومەتە بە نێو نیشتمانییەکانی دوای دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بریتانیش لە سەر هەمان سیاسەت بەرامبەر بە کورد بەردەوام بوون و بە دەگمەن لە هێڵە گشتییەکانی لایانداوە. ڕەنگبێ جیاوزییەکە تەنها لە شیوازی جێبەجێ کردنیدا بووبێت، خوا هەڵناگرێ ئەمان زۆر دڕندانەتر ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو کردووە و خوێنڕێژی وماڵوێرانی و کارەساتی زیاتریان بە سەر گەلی کوردا هێناوە. سیاسەتە خراپەکانی ئینگلیز و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق بەرامبەر بەگەلی کورد لە هەڵس و کەوتیاندا لە گەڵ کوردی کەرکوکدا زۆر بە زەقی بەرجەستە بوونە. هەر لە دەسپێکەوە کەمترین کورد لە کۆمپانیای نەوت دادەمزرێنران و بەدەگمەن کۆنتراکتەکانی کۆمپانیا بەر کورد دەکەوتن، تەنانەت ئەو کارانەشی کە هیچ زانیاری و شارەزاییەکیان نەدەویست، وەک پاکردنەوەی دەور و بەری بیرەکان لە گژ و گیاو پوش و پەڵاش. بەڵگەی نووسراوم لە بەر دەستدا نیە، بەڵام لە کەسانی بەتەمەنی ئەو سەردەمەم بیستووە، گوایە هەندێ مەلا و شێخی کورد کارکردنیان لە کۆمپانیای نەوت لە خەڵک حەرام کردووە، بۆیە کورد زۆر دڵگەرم نەبووە بۆ کارکردن لە لای "کافرەکان". ئەمەش بۆ ئینگلیز دەرفەتێکی باش بووە بۆ ئەوەی لە لیواکانی دیکەی



عیراقەوە، نەک کرێکاری شارەزا و پیشەوەر بێنن، بەڵکو تەنانەت کرێکاری ناشارەزا و بێ ئەزموونیشیان بەلێشاو بۆ کارکردن لە کۆمپانیای نەوت هێناوە بۆ کەرکوک . بەرهەمی ئەم کارەی ئینگلیز و هاتنی خەڵک بە دوای دەرفەتی کار و بژێوی ژیاندا بوونەتە هۆی هەڵکشانی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوکی شار و لیوا. بە پێی شارەزایانی بوارەکانی دیمۆگرافیا ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک لە ماوەی ١٩١٩ – ١٩٥٧ بۆ پێنج ئەوەندە زیادی کردووە. ژمارەی ئەوانەشی لە لیواکانی دیکەی عیراقەوە هاتوونەتە کەرکوک تا ساڵی ١٩٧٢، کە هێشتا شاڵاوی بەعەرەبکردن بە شیوەیەکی زۆر توند دەستی پێ نەکردبوو، گەیشتە نزیکەی چل هەزار کەس. ئەگەر نەوەکانی ئەمانە، کە ئیتر دەبنە خەڵکی کەرکوک و وەک باو و باپیرانیان باسی ئەوە ناکرێت کە لە دەرەوەی لیوا و پاشان پارێزگای کەرکوک هاتوونەتە دونیاوە، حسیب بکەین ئەوا ژمارەکە دەبێت بە دەیان هەزار کەس. ئەم بارە بەشێک لە وردەکارییەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی سەیرێکی سەرژمێرییەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ و ١٩٧٧ بکات هەموو ئەم ئامار و ژمارانە بە زەقی دەبینێت . دواتر بە وردی باسی کردەوەکانی حکومە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق دەکەم، بە تایبەتی حکومەتی بەعس وەک وێرانکردنی ئاواییە کوردییەکانی نزیک کۆمپانیای نەوت و ڕاگوێزانی دانیشتوانیان. دەرکردنی کارمەندانی کورد لە کۆمپانیای نەوت و گواستنەوەی فەرمانبەرانی کوردی کەرکوک بۆ دەرەوەی شار و پارێزگا دوو کردەوەی دیکەی کاربەدەستانی بەغدا بوون بۆ لاوازکردنی پێکەی کورد لەم سارە. هەموو ئەم هەنگاوانە بە هاوتەریبی لە گەڵ هێنانی عەرەبدا بۆ کەرکوک فاکتەری گرنگ بوون بۆ دابەزینی ژمارە و ڕێژەی کورد و بەرزبوونەوەی ژمارە و ڕێژەی عەرەب. لە بارەی هەندێ بیرۆکەی ئەم گوتارەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

1– دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥ .

2– دلشاد عمرد عبدالعزیز، شركة نفط العراق المحدودة – دراسة تاريخية في نشاطها الإقتصادي والخدمي في كركوك ١٩٢٧ – ١٩٧٢، أطروحة دكتوراه غير منشورة في التاريخ الحديث، جامعة الموصل ٢٠١٤.

3– دكتور جبار قادر، قضايا كردية معاصرة – كركوك. الأنفال. الكرد وتركيا، دار آراس، أربيل ٢٠٠٦.

# ئێستەر شڤاینس پیاوێك لە دەریایەكی بەستوودا لەمردن رزگار دەكات

## نامەی دكتۆراكەی "وەزیری خێزان"ی ئەڵمانیا

## فڕانسیسكا گیفەی بەگومانی" دزی وێژەیی" بەدواداچوونی بۆدەكرێت..!



بەگومانی دزیی وێژەیی، زانكۆی ئازادی بەرلین "FU" لێپێچینەوە لەنامەی دكتۆراكەی وەزیری خێزانیی ئەڵمانیا فڕانسیسكا گیفەی دەكات. ئەم سیاسەتوانە كە لەپارتی" ئێس پی دی"یە،بۆ خۆی لە فێرگەیەكی باڵا داوای بەدواچوونی كردووەو یاساناسێكیش پێی وایە كە ئەمە"حاڵەتێكی بەهەند وەرگیراوە". شپیگل رایگەیاندوە،كە زانكۆكە روونیكردۆتەوە كە ئەو داوایە جێبەجێدەكەن و "لەماوەیەكی كورتدا دەست بە لێكۆڵینەوە لەوباسە دەكەن." گیفەی دزییەكی بەئەنقەست رەتدەكاتەوە:من ئەم كارەم بەباشترین زانین و ویژدانەوە نوسیوە" ئەو وایدەگوت. بەگوێرەی بەدواداچوونی ڤێب سایتی راوەدز"فرۆنی پلاگ"لەسەر كارەكەی گیفەی. تا ئێستا چەندین وشەو تێكستی دیمانە گواستراوەتەوە،كە هێشتا ئاماژەی بۆ نەكراوە"وەک ئەزموونی پێشترم،ئەمە حاڵەتێكی بەهەند وەرگیراوە"یاساناس و بەشداری ڤرۆنیپلاگ –گێرهارد دانەمان– بۆ گۆڤارەكە وایگوت. گیفەی دكتۆراكەی لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٩ لەبواری زانستەسیاسیەكان لە ئۆتۆ سور ئینستیتۆ لەزانكۆی ئازادی بەرلین هێناوە، توێژینەوەكەشی لەبابەتی"رێگای ئاوروپا بۆ هاوڵاتی وسیاسەتی ئەنجومەنی ئاوروپایی لەبارەی بەشداری كۆمەڵگەی مەدەنی" بووە. لە٢٠١٥ تا گۆڕینی بۆ ناو حكومەت لە ٢٠١٨، گیفەی پارێزگاری بەشی نۆی كیۆلنی بەرلین بووە.

سەرچاوە سایتی فۆكۆس.

پێویستە بگوترێت وەزیری پێشووتری بەرگری ئەڵمانیا –كارل تیۆدۆر فڕای هێر تسو گۆتنبێرگ –هەر لەسەر بابەتێكی هاوشێوە دواجار بەناچاری دەستی لەپۆستی شالیاری بەرگریی كێشایەوەو دواتر بەرەو ئامریكا سەری خۆی و خێزانەكەی هەڵگرت. دزیی فیكری و ئەدەبی و زانستی،واتە دزین و وەرگرتنی زانیاری لەسەرچاوەی تر بەبێ ئاماژەدان بەخاوەنەكەی، بەمەش وا نیشان بدەیت كەئەمە بیروبۆچوونی خۆتەو جۆرێكە لە مافخواردنی بەرامبەر،زۆرترینییش لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا بەداخەوە لەتۆڕەكۆمەڵایەتییەكان دەكرێت. لەكۆتاییدا دەڵێم :وای دەنا لای خۆشمان كارێكی ئاوا بكرایە تا بمازانیایە كەر لەكوێ كەوتوەو كوندەش لە كوێ دڕاوە! ..





لە مالۆركا لە ئامادەباشییەكی قارەمانانەدا: ئێستەر شڤاینس پیاوێک لە دەریایەكی بەستوودا لەمردن رزگار دەكات.

كاتێ ئەو خانمە ٤٨ساڵییە لە مالۆركا دەبینێت، كە پیاوێك دەكەوێتە ناو ئاو، بێ دوودڵی یەكسەر بەدوایدا خۆی فڕێدەداتە ئاوەكەوە، بەمەش ژیانی لەمردن ڕزگار دەكات .

بەپێی سەرچاوەی بیلد دیارە پیاوەكە سەرخۆش بوەو كەوتۆتە ناو دەریاكەوە. شڤاینس خۆی داوێتە ناو ئەو سەهۆڵاوە و هەوڵی داوە پیاوەكە بهێنێتە كەناری ئاوەكە.

دواتر بەهاوكاری پۆلیس ماشێنی فریاگوزاریی دێت و پیاوەكە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، دەبوو سەرەتا لەژێر چاودێریدا بهێڵدرێتەوە، چونكە لەبارێكی ناجێگیردابووە. ماوە بڵێین ئەم خاتوونە ئەكتەر و دەرهێنەرە ئەڵمانە، لەساڵانی ١٩٩٣–١٩٩٨ بە بەرنامەی شەوانی شەممەی كەناڵی ئار تی ئێڵ زیاتر ناوداربووە. سەرچاوە سایتی فۆكۆس.



وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە: موزەفەر عەزیز

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## ئاشتی گەرمیانی


لە 19 کانوونی دووەمی 1965 لە کەرکوک لەدایکبووە و تا ئێستا لە زۆربەی پێشانگا هاوبەش و تایبەتیەکاندا لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بەشداری کردووە.

ئەندامی هونەرمەندانی کوردستان، نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، هونەرمەندانی ڕۆژئاوای هۆڵەندا، ئەندامی ART IN ACTION لە شاری ڕۆتردام .. هۆڵەندا، ئەندامی AIDA NEDERLAND لە شاری ئەمستردام– هۆڵەندا، ئەندامی K.I.A لە شاری بریدا– هۆڵەندا، ئەندامی هونەرمەندانی شاری ڕۆزنداڵ– هۆڵەندا.

ساڵی 1981–1986 پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی، کوردستانی عێراق تەواوکردوە.

ساڵی 1999 دبلۆمی HBOی هونەری، لە شاری بریدای هؤڵەندا وەرگرتووە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/ashti.shegani/photos_albums









تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807